


# چۆن دزەک

## ژیانێکی خێزانی ئارام و بەختەوەر

(مشیر) بەو عارەبانەیەی کە هەیبوو میوەجاتی پێدەفرۆشت، خەرجی رۆژانەی ماڵ و منداڵی بەباشی و بە تێری دەکێشا. کاسبییەکەی دەرفەتی ئەوەیانی دەدایێ تێروپڕ بن لە میوەجات، بۆیە ئەگەرچی لە رووی داراییەوە دەوڵەمەندیش نەبوون، بەڵام کەم خێزان بەقەد ئەوان میوەیان بە قیسمەت دەبوو، نیزیکەی ساڵێك دەبوو قەرزوقۆڵەی باوکە کلۆڵەکەی دەدایەوە. باوکی (مشیر) کە پەککەوتە ببوو، دوچاری نەخۆشییەکی کوشندەی شێرپەنجە هاتبوو. دەبوو (مشیر) بەهەر جۆرێك بایە خەرجی داودەرمان و بەخێوکردنی بۆ مەیسەر بکردایە، ئینجا لە سۆنگەی ئەمەوە، کە باوکی بەنەخۆشییەکەی سەری نایەوە، بێجگە لە هەموو خەموخەفەتانیش، کۆڵێك قەرزو قۆڵەی بۆ بەجێهێشت و دەبوو (مشیر) ئەو قەرزانەی پاك بکردانەوە، جا لەبەر ئەوە تازە بەتازە بوو، دەیتوانی وردە وردە هەندێك پارە رۆژانە پاشەکەوت بکات. (مشیر) کە چوار کچەکەی هەر لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بوون و (گۆڤەند)ی تاقە کوڕی لە پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، زۆر بەهیوای ئەوەبوو بچێتە کۆلیژێکی باش بۆیە تەنانەت هەوڵی دەدا مامۆستای تایبەتیشی بۆ بگرێت، بەڵام چونکە (گۆڤەند) بەمە رازی نەدەبوو، وازی لەو بیرۆکەیە هێناو هەموو رۆژێك لە (گۆڤەند)ی دەپرسی داخۆ لەگەڵ خوێندنەکەی چۆنە و گەیشتۆتەکوێ؟ (گۆڤەند)یش شەو ورۆژ سەری لەسەر کتێبان بوو، کوڕێکی رەوشت بەرز و بەڕێز و حورمەت بوو، ئەگەرچی خۆی تاقانە بوو، دایك و باوکی لەسەر دەستیانیان دانابوو، بەڵام ئەویش بۆ ساتێکیش بێت چییە دڵی ئەو دایك و باوکەی نەدەشکاند. (مشیر) ئومێدێکی زۆری بە (گۆڤەند) هەبوو، چونکە قوتابییەکی زیرەك و وریا بوو، زۆریشی حەز لە کۆلیژی دەرمانسازی بوو، گۆڤەند بەهەر جۆرێك بێت قۆناغی شەشی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی بڕی و توانی نمرەی کۆلیژی دەرمانسازی بێنێت و وەریشبیگرێ. کەناوی لە کۆلیژ دەرچوو، (مشیر) دەیگوت: من ئەوا جارێکی تریش لەدایك بوومەتەوە، ئێستا ئەگەر بشمرم پێم سوو نییە، زۆر بە ئاوات بووم ببینم (گۆڤەند) لەو کۆلیژە بۆتە قوتابی، بەهەموو جۆرێك هەوڵی دەدا کوڕەکەی پۆشتە دیار بێت و ئاکاری هەژاری بەهۆی جلوبەرگەکانییەوە بەدیار نەکەوێت، نەبادا لەنێو هاوڕێیەکانی هەست بە کەمی و شەرم بکات.

بەهەموو جۆرێک هەوڵی دەدا کوڕەکەی پۆشتە دیار بێت و ئاکاری هەژاری بەهۆی جلوبەرگەکانییەوە بەدیار نەکەوێت. نەبادا لەنێو هاوڕێیەکانی هەست بە کەمی و شەرم بکات

## نیوەڕۆیەک سەرتاپای ژیانیانی گۆڕی

(مشیر) هێندەی دنیایەك دڵی بە کوڕەکەی و منداڵەکانی تر و خێزانەکەی خۆش بوو، نیوەڕۆیەك کە وەك رۆژانی تری ئاسایی لەو شوێنە بەخۆ و عارەبانەی پڕ میوەجاتەوە راوەستابوو، کە هەموو رۆژێك لێی رادەوەستا و کاروکاسبی خۆی دەکرد، لەپڕ ئۆتۆمبیلێك کە شۆفێرەکەی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر لێیدەخوڕی خۆی کێشا بە ئۆتۆمبێلیکی دیکە و پاشان خۆی پێنەگیرا لە عارەبانەکەی (مشیر)یشی داو (مشیر) کەوتە ژێر عارەبانەکە، کابرای شۆفێر، کە گەنجێکی هەرزەکاری لاسار دیاربوو، ئەویش بریندار ببوو، هەرکە لەناو ئۆتۆمبیلەکەی هاتە خوارەوە، یەکسەر کەوتە سەر زەوی و مرد، خەڵکەکەی ئەو ناوە کۆبوونەوە و دەوریان دان، بەتایبەتی لە چوار دەوری شۆفێرە گەنجەکە خڕ بوونەوە و (مشیر) یان لەبیرکردبوو. هەتا یەك دوانێك گوتیان: خەڵکینە خێراکەن وەرن ئەو کابرایە لەبن ئەو عارەبانەیە دەربێنن. بەشێك لە خەڵکەکە روویان لەو کرد و بەحاڵ توانیان دەریبێنن، بەڵام کە سەیریان کرد هیچ شوێنێکی بریندار نەبووە، تەنیا تۆزێك خوێن لە گوێی هاتووە، دەمێك درێژیان کرد و ئاویان پێداکرد، بەخۆ نەهاتەوە، لەو وەختە کابرایەك گوتی: من یاریدەدەری پزیشکیم، براینە زوو بیگەیەننە نەخۆشخانە ئەو کابرایە تووشی خوێن بەربوونی ناوەوەی بووە و باری تەندروستی زۆر خراپە، ئینجا خەڵکەکە بە پەلە خستیانە ناو ئۆتۆمبیلێك و بردیان، پاشان پۆلیسی هاتوچۆ و فریاکەوتن هاتنە شوێنکە و رێککاری پێویستیان وەرگرت.

خەڵکەکەی شوێنی رووداوەکە ئەوانەی کە (مشیر)یان دەناسی پەیوەندییان بە ماڵەوەیان کرد و ئەوانیش خۆیان گەیاندە نەخۆشخانە. (مشیر) بارودۆخی تەندروستی خراپ بوو، پزیشکەکان پێویستیان بە دەرمانێك بوو، کە لەناو نەخۆشخانە نەبوو، ئاگاداری خێزانەکەیان کردەوە بە زووترین کات پەیدای بکەن، دەنا چاك نابێتەوە. چاکیش بێتەوە ئیفلیج دەبێ و هەر چوارپەلی پەککەوتە دەبێ. کە (گۆڤەند) گەیشتە نەخۆشخانە چاو بە فرمێسك، حاڵ پەرێشان، دایکی مەسەلەکەی تێگەیاند و داوای لێکرد هەرچۆنێك بێت بە زووترین کات هەوڵ بدات ئەو دەرمانە پەیدا بکات کە پزیشکەکەی فریاکەوتن لەسەر پارچە کاغەزێك بۆیانی نووسی بوو. (گۆڤەند)یش کاغەزەکەی وەرگرت و بەرەو ئەو دەرمانخانەیە رۆیشت کە یەکێ لە پزیشکەکان پێی گوتبوو، کە دەرمانخانەیەك بوو، شەو ورۆژ کراوە بوو، چونکە هی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بوو، ئەو جۆرە دەرمانانەشی دەستکەوت کە دەرمانی دەگمەن بوون. (گۆڤەند) خۆی گەیاندە دەرمانخانەکە و کابرای دەرمانسازیش بۆی هێنا و گوتی نرخەکەی (٢)هەزار دۆلارە. (گۆڤەند) باوەڕی بە قسەی




کابرای نەکرد، زۆری لەگەڵ هەوڵدا، کاکە ئاخر ئـــەو نرخە خەیاڵییە چـــۆن دەبێ، چ قەوماوە. سوودی نەبوو، دەرمانسازەکە پێی گوت: ئەگەر دەیبەیت ئـــەوە نرخەکەیەتی، ئەگەر ناشـــتەوێ برۆ شوێنی تر، رەنگە بە هەرزانتر هەبێت، کات وەك (شێر) دەڕوات و هەموو چرکەیەکیش بۆ (گۆڤەند) ساڵێکە، دەرمانەکـــەی لەدەســـت بـــوو، دواجار لێی پرســـییەوە کە بە نرخێکی کەمتری بداتێ، کابرا یەك قسەی دەکرد و دووەمی بۆ نەبوو. (گۆڤەند) گوتی: باشـــە بەڵام پســـوولەیە پـــارەم بۆ بکە، تا ئـــەم دەرمانە دەگەیەنمە نەخۆشـــخانە و رادەستی پزیشکەکانی دەکەم و پارەکەت لـــە ژێر عەرزیش بێ بۆت پەیدا دەکەم، دەرمانســـازەکە گوتی: پسوولەت بۆ دەکەم بەڵام دەرمانەکەت نادەمێ تا پارەکەت نەهێنـــی. ئاخر وەزعی باوکـــم وایە و وایە، ســـوێند بە وەڵڵا بشـــمرم هەر بـــۆت دێنم. زۆر قســـە و بەڵێنی دیکە کـــە (گۆڤەند) بۆ کابرای خـــاوەن دەرمانخانەی کرد، بەڵام هیچی وەرنەگرت و لەســـەر قســـەی خۆی ســـوور بوو، "نرخەکەی بێنە و دەرمانەکەت ببە" (گۆڤەند) تۆزێك کابرای دەرمانسازی خەریك کرد و دەرمانەکەی دەست دایەو لێیدا و هـــەڵات. ئەوەندەی کابـــرا گوتی: کوڕە وەرە ئەو دەرمانە بگەڕێنەوە، دەنا شـــکایەتت لێدەکـــەم. (گۆڤەند) چـــۆن رایکرد هەروا رایکرد، تا لە دەرمانخانەکە بەتەواوەتی دوور کەوتەوە، ئینجا تەکسییەکی راگرت و سواری بوو، لە شـــۆفێری تەکسییەکەی گەیاند کە هەر چرکەیەك بۆ ئەو ژیان و مردنە، چەندی خێرا لێبخوڕێ کەمە، هۆی ئەو پەلەیەشـــی بە پچـــڕ پچـــڕی و چەند رســـتەیەك لە شـــۆفێرەکە گەیاند، دوای چەند خولەکێکی کەم دەرمانەکەی گەیاندە نەخۆشخانە و دایە دەست پزیشکەکە، ئەویش کە پسپۆری مێشك و دەمارەکان و بڕبڕەی پشت بوو، ئەو پزیشکە خولاوانەی ئـــەوێ پەیوەندییان پێوە کردبوو، هاتبوو، دەرمانەکەی لە (گۆڤەند) وەرگرت و بەشێوەی دەرزی لە (مشیر)ی دا.

ئەوجا بـــە (گۆڤەنـــد) و خێزانەکەیانی گوت: هەرچەندە درەنـــگ گەیەندراوەتەوە نەخۆشـــخانە و درەنگیـــش دەرمانەکـــەی دراوەتێ رەنگە سوودی لێنەبینێ، رەنگیشە سوودی لێببینێ، بەڵام تا ماوەیەك پێیەکانی نیوە ئیفلیج ببێ و پاشـــان بە چارەســـەری سروشتی چاك دەبێتەوە. (مشیر) بێ هۆش بوو، هەموو لەسەر ســـەری راوەستابوون، تا بزانن دەرمانەکە کاری خۆی دەکات یان نە، نیو کاتژمێرێك بەدیارییەوە بوون، (مشـــیر) چاوی کردەوە، هەموویان لە خۆشیان باڵیان گرت، پزیشکەکە پێی گوت کە داخۆ هەست بە پێیەکانی دەکات، ئەویش گوتی: هەستی پێدەکەم بەڵام بەزەحمـــەت دەتوانم بیجوڵێنم، پزیشکەکە لە حاڵەتەکەی گەیشت و پێیانی گوت: هیچ مەترسی لەسەر نەماوە و دەبێ تا پانزە رۆژێك لەژێر چاودێری پزیشکی بێت و کە چاك بۆوە بەپێی خۆی دەڕوات، لەوکاتەدا دەرمانسازەکە بەخۆ و دوو پۆلیسەوە گەیشتنە نەخۆشـــخانە و (گۆڤەند)یان دۆزییەوە، کە بۆ پۆلیسەکان دەستنیشـــانی کرد، ئەوانیش قۆڵبەســـتیان کرد و بردیانە بنکەی پۆلیس. دایکی (گۆڤەند) بەگەڵیان کەوت بۆ بنکەی پۆلیس، لەوێ گوفتاری دادخواز وەریگرا و ئینجا گوفتاری (گۆڤەند)یش وەك تۆمەتبار وەرگیرا، بەشـــێوەیەکی کاتی لە ناو بنکەی پۆلیس گلدرایەوە تـــا دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری خۆی دەدا، کە پەڕاوەکەی ئامادەکرا بـــۆ دادوەر، دایکی (گۆڤەند) زۆر لە خاوەن دەرمانخانەکە پاڕایەوە کە بە گرتنی نەدات، ئەگەر بەقـــەرز و قۆڵەش بێت پارەکەی هەر دەداتەوە، تەنیا واز لە شکایەتەکەی بێنێت و کوڕەکەی قوتابییە،

خاوەنـــی دەرمانخانەش دەیگوت: لێخۆش بوونی نییـــە، مەگەر پارەکەم دەمودەســـت بدەنەوە، ئەگەرنا لێخۆشبوون نییە.

بەهەرحـــاڵ پەڕاوکە ئامـــادە کرا و برایە بەردەم دادوەر و گۆڤەند و خاوەن دەرمانخانەش پێکەوە لەگەڵ پەڕاوەکە بردرانە بەردەم دادوەر. نزیکەی کاتژمێرێك لەبەردەم دەرگای دادوەر وەســـتان تا بانگ کران، خاوەنی دەرمانخانە دووپاتی شکایەتەکەی خۆی کردەوە و سوور بوو لەســـەر هەڵوێستی خۆی. ئینجا رووی لـــە (گۆڤەند) کرد و پرســـیاری لێکرد کە ئایا ئەو دەرمانەکەی دزیوە یان نە. گوتی: بەڵێ گـــەورەم من وەرمگـــرت و رامکرد، بەڵام بە نیەتی دزین نە. مەســـەلەکەی بۆ روونکردەوە، کە چی بە خاوەن دەرمانخانەکە گوتـــووە بۆچی بردوویەتـــی و..تد. دادوەر کە گوێی لە قســـەکانی گـــرت زانی وەك دزێـــك دزییەکەی نەکردەوە بەڵکو حاڵەتێکی ناچاری و ناکاوی و پێویســـتی وایلێکردەوە. ئینجـــا دادوەرەکە رووی دەمی کردە گۆڤەند و پێـــی گوت: کوڕم ئەگەر هەقی ئەو پیاوە دەدەیـــەوە، ئەوە هەر ئێســـتا ئازادت دەکەم و پەڕاوەکـــەت دادەخـــەم، ئەگەرنـــا رەوانەی بەندیخانەت دەکەم، (گۆڤەند) قســـەیەکی پێنەبوو، لەپڕ کابرایەك هاتە ژوورەوە و لەپێش دادوەر رایانگرت و گوتی: گەورەم پارەکەی هەرچەند بێت من دەیدەم، دادوەریش گوتی تۆ کێی؟ ئەو پیاوەش خۆی پێناساند کە باوکی ئەو شـــۆفێرە هەرزەکارەیە کـــە رووداوەکەی کردووەو ئەو کارەساتەی قەوماندووە و خۆشی تیاچووە. پاشان دادوەرەکە هەندێ پرسیاری لەلایەنەکان کرد ئینجا بڕیاری داخســـتنی کێشەکەی دا و (گۆڤەند) ئازاد کرا.

**(گۆڤەند) تۆزێک کابرای دەرمانسازی خەریک کرد و دەرمانەکەی دەست دایەو لێیدا و هەڵات**

### خۆشەویستی لە ماوەی خوێندنی زانکۆییدا

(خۆشەویستی)، وەفای تیا نەماوە، ئەوەی هەیە ریایی و ناپاکییە، یان کات بەسەر بردن و پڕکردنەوەی دەست بە تاڵییە، یان مەیلێکی هەرزەکارانەیە.. بەو قسانە خاتوو(هەڵاڵە) کە ئێستاکە ئەندازیاری کارەبایە و مێردی هەیە و خاوەن دوو منداڵە، بۆچوونی خۆی لەمەڕ خۆشەویستی دەربڕی، ئەو ئەزموونێکی لەو بارەیەوە هەیە و حەزمان کرد، ئەزموونی خۆی لەم رووداوەدا یاداشت بکەین و بۆ خوێنەرانی بگێڕینەوە، (هەڵاڵە) خان سەبارەت بە یەکەم ئەزموونی خۆشەویستی خۆی و دواتر لێکدابڕان و پاشان شووکردنی و تەڵاقدانی لە شەوی زەماوەندیدا و دواتر مێرکردنی بە کەسێکی تر، بەمشێوەیە سەربووردەی خۆی گێڕایەوە و گوتی: تازە لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیرابووم، زۆرم حەز لەو کۆلێژە دەکرد و هەوڵ و کۆششی زۆرم بۆیدا، تا لێی وەرگیرام بەر لەوەرگیرانم، زۆر گەنج دەور و خولیان دەدام، پەیوەندی




**ئەو کوڕە یەک شتی هەبوو، زۆر پێی نیگەران دەبووم ئەویش ئەوەبوو، بێ حەد دڵپیس و بە گومان بوو.. زووش بە قسەی ئەم و ئەو هەڵدەخەڵەتا، یا بڕوای دەکرد**

خۆشەویستیم لەگەڵدا ببەستن بەڵام من هەموویانم ڕەتدەکردەوە، تاوە چوومە زانکۆ، لە ژیانی زانکۆیم ساڵی یەکەم و دووەم، تەنیا بیرم لە خوێندنەکەم دەکردەوە، پەیوەندی خۆشەویستی و سۆز و سۆزداریی بە تەواوەتی لەلایەن هەر کەسێك پێشکەشم بکرایە، ڕەتیم دەکردەوە، لە قۆناخی چوارەمی کۆلێژ، کورێکی قوتابی، کە لە بەشەکەی مندا نەبوو، زۆری خۆنیشان دەدام، بەڵکو وەڵامی بدەمەوە، یان یەکتری بناسین، منیش نەك هەر ڕووم نەدەدایێ تەنانەت ئەو لە هەر شوێنێك بووایە، من دوور دەکەوتمەوە لەو شوێنە و بە هەر هەڵسووکەوتێك هەوڵم دەدا تیێ بگەیەنم کە ئەو بۆ من هیچ شتێك ناگەیەنێ، بەڵام ئەو وازی نەدەهێنا و کۆڵی نەدەدا و بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەکانی خۆی، یەك دوو کچە هاوڕێی منی تێگەیاند بەڵکو تەنیا یەکجار لەگەڵی دانیشم و هەندێ قسەی هەیە، من هەر ڕازی نەدەبووم، ڕۆژێك لە کافتریای کۆلێژ من و کچێکی هاوپۆلم دانیشتبووین، ئەویش بێ ڕووخسەت وەرگرتن، لە ئێمە، داخۆ ڕازین دابنیشێ یان نەء، هات لەسەر کورسییەك بەرامبەرمان دانیشت، سڵاوی کرد و چاك و چۆنی لەگەڵدا کردم و منیش بە کورتی و بە ساردی وەڵامم دایەوە، باسەکەی خۆی کردەوە و بێ پێشەکی گوتی: دەزانم(هەڵاڵە) خان تۆ حەز ناکەی من لەگەڵت دابنیشم و هەتا ئێستاش چەند جارێك ڕەفزت داومەتێ، بەڵام من مەبەستێکی پاکم هەیە و حەز دەکەم بیمە خوازبێنیت، منیش نەمهێشت درێژەی پێبدات، گوتم: ئەگەر ئەوە مەبەستیشت بێ، بەڵام من ڕازی نیم و نامەوێ، گوتی: بۆ هیچ عەیبێکت لە من بیستوە یا دیتووە گوتم: نەخێر نە عەیبم لێت دیتووە و نەبیستووشمە، بەڵام من ڕازی نیم و تەواو، هەستا و ڕۆیشت، بەڵام هەستم کرد هەر واز ناهێنێ، ئەمجارە بە نەرم و نیانتر، بەڵام بێ ئەوەی من پێی بزانم فێلاویتر، یەك دووجار بە تەلەفۆن هەمان باسی کردەوە دەنگی تۆمارکردم بێ ئەوەی من پێی بزانم، منیش زۆر بە کورتی وەڵامیم دایەوە و تەلەفۆنەکەیم پچڕاند، کە ئەو هەڵوێستانەی لە من بینیبوو دیاربوو، بڕیاری دابوو تۆڵەم لێبکاتەوە، هەر چۆنێك بێت، هەستم بەو ڕق و کینەی ناخی نەدەکرد، چونکە ئەسڵەن من هەر گرنگیم پێنەدەدا، وا ڕێکەوتوە لەگەڵ قوتابی دیکە لەسەر مێزێك دانیشتین لە کافتریا یان لە ناو باخچەی کۆلێژ ئەویش لەوێ بوویێ، یان بە خۆی وای ڕێکخستبێت، وێنەی لەگەڵدا گرتووم، لەو ماوەیەش کورێکی قوتابی هەمان بەشمان بەڵام لە پۆلێکی تر، هەوڵی لەگەڵ دام بۆ ئەوەی بێتە خوازبێنیم، ماوەیەك هەوڵیدا و ئەم و ئەوی تێگەیاند و خۆی لێی نزیك کردمەوە و چەند جارێك بەیەکەوە دانیشتین و لەسەر هەندێ شتی گشتی ڕێککەوتین من مەسەلەی ئەو کورەشم لەو گەیاند، پاش دوو سێ مانگ پەیوەندییەکەمان گەرم و گوڕتر بوو، بەڵام، بە هەر حاڵ یەك دووجار لەسەر ئەو مەسەلەیە بووە سووکە مشتوومڕمان، بەڵام من وام لێکدەدایەوە کە ئەوەش جۆرێکە لە (غیرە) کردن و خۆشەویستی بۆیە وا دەکات، ئەو کورەی پێشتر بەدەرنگەوە مەسەلەکەی زانی، چونکە ماوەیەك بوو لە کۆلێژ نەمدەبینی، دیاربوو سەفەری کردبوو، کە بە دیار کەوتەوە و بە مەسەلەکەی زانی کێچ کەوتە کەوڵی و ئۆقرەی نەدەگرت.

## ڕۆژی گواستنەوە

(هەڵاڵە)خان لە گێڕانەوەکەیدا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئێمە وا ڕێککەوتین کە دوای تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ زەماوەند بکەین، کە تاقیکردنەوەمان تەواو کرد، ئێمەش خۆمان سازدا بۆ ئاهەنگی زەماوەند، دیار بوو تاقیبی بەردەوامی زەماوەندی منی دەکرد ئێمە لە دوای زەماوەند شەو چووینە هۆتێلێك تازە چووبووینە ژووری خۆمان تەلەفۆن کرا بەیەکێك هەندێ قسەی کرد، تەنیا هەندێ وشەی گوت و پرسیاری کرد، دیاربوو پێی گوتبوو ئەگەر لە ژوورەوەی وەرە دەرەوە با ئەو گوێی لە قسەکانمان نەبێت و پرسیار نەکات، پاش نیو کاتژمێر لە تەلەفۆن کردن، چووە خوارەوە و زەرفێکیان پێدا کە وێنەی تێدابوو، بە هەرحاڵ مەسەلەکە ئەوەبوو پێی گوتبوو گوایە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ مندا هەبووە و ئێستا کە مێرد بە تۆ دەکات خیانەتی لە من کردووە، هاتەوە سەرەوە، غەزەب لە چاوی دەباری و یەنەکانی فڕێدایە پێشم و کۆڵێك جنێوی پێدام و بووە دەمەقاڵێمان چەندی داوای سەبر و ئارامیم لێکرد تا بوار بدات بۆی ڕوون بکەمەوە و هیچی دیکە، بەڵام ئەو گوێی لە هیچ نەبوو قسەیەك لە من و قسەیەك لەو مشتومڕەکەمان گەرمتر و ناکۆکییەکانمان زیاتر بوو، بەهۆی دروست بوونی دەمەقاڵێمانەوە، هەردوولا هەڵچووبووین، ئینجا خزم و کەسی خۆی و منیشی کۆکردەوە و لە پێشیان گوتی: من نامەوێت هیچیشی نییە بەڵام پێشتر پەیوەندی لەگەڵ کورێکی تردا هەبووە منیش لە پێش کەسوکاری هەردوولا بە درۆزنم دەرهێنا و گوتم: ئەگەر ئەو جارێك منی نەوێت، من سەد جاران نامەوێت، لە پاش ئەو قسەیەم تەڵاقی فڕێدا و سێ بەسێ تەڵاقی دام، بەمجۆرە لێکجیابووینەوە هەمووش بەهۆی فیتنەکاری و بوختان و درۆیەکانی ئەو کورەوە بوو.

منیش سوێندم خوارد، ببێتە خاك و خۆڵیش، بشمرێت و دنیاشی بەسەردا بڕوخێت مێرد بەو نەکەم.

هەر پاش مانگێك کەسێکی تر هاتە خوازبێنیم، کە ئەندازیار بوو، دوو سێ ساڵان پێش من کۆلێژی تەواوکرد بوو، منیش ڕام لێبوو، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ڕازی بووم، بەڵام من پێشوەخت بەسەرهاتی خۆم و ئەو قوتابییە لاسارەم و چۆنییەتی مارەکردن و تەڵاق دانم، بە وردی لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە و هیچ شتێکم لێنەشاردەوە، ئەویش دوای پرسین و لێکدانەوەی مەسەلەکە و تێگەیشتنی لە ڕاستی مەسەلەکە و لە ڕابردووی چاکی من، قەناعەتی تەواوەتی پێم هاتبوو بۆیە ڕازی ببوو.

بەمجۆرە ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا و ئێستاش دوو منداڵم هەیە و لە خوا بە زیادبێ، من و هاوسەرەکەم یەکترمان، زۆر خۆشدەوێت و زۆریش تەبا و گونجاوین و ڕێز لە یەکتر دەگرین نەفرەت لە خۆشەویستییەکیش بێت کە لەسەر حیسابی ڕێز و کەسایەتی و حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێت.

**پاش نیو کاتژمێر لە تەلەفۆن کردن، چووە خوارەوە و زەرفێکیان پێدا کە وێنەی تێدابوو، بە هەرحاڵ مەسەلەکە ئەوەبوو پێی گوتبوو گوایە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ مندا هەبووە**



# تاکی رۆژهەڵاتی بە هەردوو رەگەزیەوە خۆراکی دیکتاتۆرییەت و توندوتیژییە

*(رونا بازرگان) ناوێکــی نامۆی نێوەندی رۆشــنبیری عێراقی نییە، ئەو ساڵانێکە وەك چالاکوانێکی سەرسەخت لە رێگەی نووسین و هونەری شــێوەکارییەوە داکۆکی لە ئێش و زوڵم و مافەکانی ژنانی عێراق و رۆژهەڵات دەکات، خانمی (بــازرگان) وێڕای ئــەوەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆســە لــە بواری هونەری شێوەکاریدا هاوکات خودان بڕوانامەی دبلۆمیشە لە زانستی کۆمەڵناســی و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی عەرەب و کۆمەڵەی پاراسایکۆلۆژی عێراقیشە، تا ئێستا (٤) پێشانگای شێوەکاری تایبەتــی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق کردۆتەوە، (رونا) وێــڕای کارە هونەرییەکانی لە بواری میدیا و نووسینیشدا حزورێکی بەرچاوی هەیە، چەندیــن بەرنامەی تەلەفزیۆنــی و رادیۆیی دەربارەی ئاریشە و داواکارییە هەنووکەییەکانی ژنانی عێراقی پێشکەش کردووە، گرنگترینیان بەرنامەی (العین الاخری) لە کەناڵی ئاسمانی (البغدادیة) و (أدم و حواء) لە کەناڵی ئاسمانی (السومریة)، هەفتەنامەی (گوڵان) لە درێژەی خستنەرووی دیدوبۆچوونی نووسەر و پسپۆرانی واری توندوتیژی ژێندەری و یەکسانی، ئەمجارە خانمی (بازرگان)ی دواند و ئەم گفتوگۆیەی لێکەوتەوە.*

**• وەك دەزانن توندوتیژی زێتر لە شێوە و جۆرێکی هەیە، لەوانە توندوتیژی خێزان و توندوتیژی دژ بە ژنان و..تاد، ناکرێ بڵێین تەنیا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا گــەرای داناوە، بەڵکە لــە ئەوروپا و ئەمەریــکاش رۆژانە تۆمــار دەکرێ، بەڵام ئەوەی مەبەســتمە بپرسن بۆچی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و تایبەت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بڵاوترە؟**

- توندوتیــژی دیاردەیەکی کۆنینەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە واتە کردارێکی تازە لەدایك بوو نییە، کەلتوورێکی رەگ داچەقیــوە، بێگومان لێرەدا مەبەســتم تەنیا توندوتیــژی ژێندەری نییە، بەڵکو توندوتیژییە بەمانا گشتییەکەی، ئامانج لەو کردارە ئیرهاب و ترســاندنی لایەنی بەرامبەرە لە پێناو زاڵبوون و خۆسەپاندن بەســەریدا، ئەمــڕۆ توندوتیــژی بۆتە بەشــێك لە ســیما و کەلتووری مرۆڤی ســەردەم، هەریەکــەو لــەلای خۆییەوە هەوڵدەدات دەرهەق لەخــۆی بێ هێزتر پەیڕەوی بکات، پیاوانیش بێبەش نین لەو کردارە و زۆرێــك لەوانیش رۆژانە دەبنە قوربانی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگە دواکەتووکانــدا ژنان بازنەی هەرە بێهێزن بۆیــە رەشــەبای توندوتیــژی زۆرتر و فراوانتــر ئەوانی گرتۆتــەوە، ئەوە تەنیا ئافرەتان نین کە بەدەســت نادادپەروەری و نەبوونــی ئازادییــەوە دەناڵێنن، بەڵکو تاکی رۆژهەڵاتی بەهەردوو ژێندەرییەوە بۆتە خۆراکــی دیکتاتۆرییەت و رەچاو نەکردنــی مافــی مرۆڤ، تا ئێســتا ئــەو تاکە بێ ئیرادەیــە نازانێ ئەرك و مافەکانی چین یان هێڵێکی دیاریکراوی نییــە بــۆ جیاکردنەوەیــان، ئەمە جگە لــەوەی ســەرتاپای کایەکانــی ژیانی رۆژهــەڵات (سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتی و..تاد) بەدەست دواکەوتن و هزری کۆنینەوە دەناڵێنێ، بەگشــتی هەموو ئەوانە وایــان کردووە توندوتیژی لە رۆژهەڵاتدا گەورە و ترســناك خۆی نیشان بدات.

**• بەڵام لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا زێتر بەرچــاو دەکەوێ، لــە کۆمەڵگە**

**دواکەوتووە نائیسلامییەکان هەمان ڕێژە و قەبارە تۆمارنەکراوە، ئەگەر وایە فاکتەرەکانی چۆنی دەسنیشان دەکەن؟**

- بەڵێ، لەو کۆمەڵگانەدا نیشانەکانی زوڵم و دواکەوتویی زیاترە ئەوە لەبەر ئەوە نییە ئاینێکی دیاریکراوی وەك ئیسلام لەوێدا بڵاوە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەلتووری کۆمەڵگە و پەروەردە و ژێردەستی تاکو سایکۆلۆژیای ناکامڵ کەلتووری توندوتیژیان دروست کردوە، ڕێژەی ئافرەتە نەخوێندەوارەکان لە عێراق مرۆڤ تووشی شۆك دەکات، ئایا نەخوێندەواریش جۆرێك نییە لە جۆرەکانی توندوتیژی مەعنەوی ئایا بێوەژن بوون و هەژاریش هۆیەك نین تا ساڵانە دەیان هەزار ئافرەت بکەونە بەر بەرداشی توندوتیژی و باندەکانی لەشفرۆشی؟ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ڕێژەیەکی زۆری ژنان نەخوێندەوار بن یان خودان داهاتێکی تیابەت بەخۆیان نەبن، دەبێ چاوەڕێی نایەکسانی و توندوتیژی ژێندەری بکەی، ئەمانە ئافرەت دەکەنە نیچیرێکی بێ پەڕوباڵ بۆ دوژمنانی، تەنیا مانایەك لە پەیڕەوکردنی توندوتیژی ژێندەری ترسە لە ئیرادەی ئافرەتان و سەربەخۆبوونیان، پەیڕەوکارانی توندوتیژی بەهۆی ئەو ڕەفتارەیان گەرەکیانە بەردەوامی بە باڵادەستی خۆیان بدەن و ئافرەتانیش هەر لە پەراوێزدا بە پاشکۆی خۆیان بهێڵنەوە.

**• گفتوگۆ رای جیاواز هەیە دەربارەی کاریگەری یاسا و هەموارکردنی یاسا کۆنەکان لەگەڵ کاریگەری لایەنی هۆشیاری، بەمانایەکی دیکە ئایا هەنگاوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و هۆشیارییەکان کاریگەرن یان هەموارکردنی یاساکان؟**

- پەتایەکی سەرەکی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، سەروەرنەبونی یاسایە، یان جێگیر نەبوونی و جێبەجێنەکردنیەتی بە یەکسانی، گەر هاووڵاتیان هەست بە یەکسانی نەکەن و هەست بکەن هەموو لایەك وەك یەك نین لەبەردەم یاسادا ئەوا هەستی غوبن و نادادپەروەری لەناخیاندا بەرجەستە دەبێ و شەریعەی دارستان تەحەکوم دەکات، ئەم ڕووە فەرمییەکی بەرقەراربوونی یاسایە کە یەکسانی بەقەرار دەکات، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەشوهەوای یەکسانی و سەرەتاکانی دادی ژێندەری ئەو کاتە دێتە وجود کە پیاوان دان بە توانا و ئیرادە و عەقڵی ئافرەتان بنێن، ئافرەتان بەهاوبەشی ڕاستەقینەی خۆیان دابنێن لە ژیاندا و بە پراکتیکیش کار لەسەر ئەو ئاراستەیە بکەن، گەر باس لە یاسایەکی گونجاو و مۆدێرن بکەین دەبێ ژنانیش پشکدار بکەین لە داڕشتن و هەمواركردندا، نابێ چیتر یاساکان بە عقڵی پیاوانە دابڕێژین، پێویستە ژنانیش ڕاو تروحاتیان هەبێ و بەشدرای چارەسەری بکەن، تەنیا پیاوان ناتوانن چارەسەری ئێش و موعاناتی ئافرەتان بکەن، چونکە ئەوان باشتر و ڕاستتر لە پیاوان دەزانن چیان دەوێ و چارەسەریش لە چیدایە، سەبارەت بە هەنگاوە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش بێگومان ئەوانیش پێویستن، هۆشیاری ڕۆڵێکی باش دەبینێ لە کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە، هەروەها خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ ڕەچاوکردنی لایەنی سایکۆلۆژی ئەو ژنانەیە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ئەو جۆرە ژنانە پێویستیان بە سستەم و بەرنامەیەکی تایبەتی دووبارە بونیادنانەوەی کەسایەتی هەیە، دەبێ زانستیانە دووبارە تۆوی بڕواوئومێد لەناخیاندا بچێندرێ هەوڵبدرێ تێکەڵ بە خەڵك و ژیانی ئاسایی بکرێنەوە.

**• بێگومان هەموو دیاردەیەکی ترسناك لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ کۆمەڵێك ئاسەواری نێگەتیڤی هەیە، ئاسەوارەکانی لە چیدا کۆ دەکەیتەوە؟**

- یەکەم کاریگەری بزربوونی ڕۆڵی تاکە لە شانۆی ژیاندا، بزربوونی توانای ڕاستەقینەی مرۆڤە لەو بوارەی کە دەکرێ تێیدا بەخشندە بێ، توندوتیژی ژنان گۆشەگیر و بێ ئیرادەتر دەکات، وا دەکات دونیای گەورەی ئەوان تەنیا چوار دیواری ماڵ بێ، ترس و دڵەراوکێ لەناخی ژنان دەچەقێنێ، ئەو ڕەوشە هەر بەوەندە ناوەستێ وردە وردە بازنەکەی فراوانتر دەبێ بەتایبەت ئەو کاتانەی شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی نەوەکان، دایکێکی دەروون دڵەراوکێ و ترساو منداڵێکی وەك خۆی ترساو پێدەگەیەنێ، توندوتیژی جگە لەناهاوسەنگی و شێواوی چیتر نابەخشێ، مرۆڤی سەرکوتکراو، ڕوئیایەکی روونی نابێ بۆ ژیان، توندوتیژی خەلەل... و ناهاوسەنگی بە عەقڵ و پرۆسەی بیرکردنەوە دەدات، لە ئاستی گشتیشدا فەوزا و پەرش و بڵاوی دەخاتە نێو کۆمەڵ، کیانی کۆمەڵگە لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە.

**• ئەمڕۆ میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دوو قوتبی کاریگەرن لە دروستکردنی گۆڕان و هۆشیارکردنەوەدا، بەڕای ئێوە ئەو دوو جەمسەرە کاریگەرە چۆن دەتوانن هاریکاری لایەنی پەیوەندار بکەن؟**

- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی زۆریان لە ئەستۆدایە، بەڵام ئایا دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات تا چ پانتاییەك ڕێگەیان پێدەدەن، یان ئەوان دەیانەوێ چۆن هاریکاریان بکەن؟ لە هەمان کاتدا ئەو ڕێکخراوانە تا چ ئاستێك سەربەخۆ و ناحکومین؟ تا چەند توانیویانە خۆیان لە جەبەروت و باڵادەستی دەوڵەت رزگار بکەن؟ هەروەها ئەوانەی سەرپەرشتی یان کادیری ئەو ڕێکخراوانەن ئاست و توانستیان وەك پێویستە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە

نەخوێندەواریش دەچێتە خانەی توندوتیژی مەعنەوییەوە



چەندێتی و چۆنێتی کاری ئەو ڕێکخراوانە دیار دەکات، سەبارەت بە میدیا و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانیش میدیای عێراقی نیشانەی پرسیاری زۆری لە سەرە، خاڵی لاوازی ئەو میدیایە بە سیاسەت بوونییەتی، هەر دەزگایە و کەوتۆتە ژێر ڕکێفی حزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو، ئەوەندەی بەرژەوەندی حزبەکە و تەرویج کردن بۆ لایەنێکی سیاسی دەکەن نیو ئەوەندە کار لە هۆشیاری و ڕۆشنفکرکردنی تاك ناکەن، دەنا ئەرك و مەهامی ڕاگەیاندن مەهامێکی هێجگار هەستیار و بە برشتە، بۆیە تاراگەیاندن خۆی لە تەرەفداری و سیاسەت دوورنەخاتەوە و بێ لایەنانە شتەکان نەخاتە ڕوو ناتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵسێ، لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەبەست و دەڵێم، لەم قۆناغەدا ئەرکە سێنتراڵ و قورسەکە لە ئەستۆی دەوڵەتە، دەبێ دەوڵەت لە ئاستی پەروەردە و فێرکردن بەرنامەیەکی سیستماك و کۆنکرێتی هەبێ، لەلایەك کەلتووری لێبووردەیی و هۆشیارکردنەوە بەرپا بکات لەلایەکی دیکەشەوە یاسا سەروەر بکا و یارمەتی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیش پێشکەش ئەوانە بکات کە بوونەتە قوربانی ئەو دیاردەیە.

**• ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانی لە ڕووی چەندایەتییەوە گرفتی لەکەمی سەنتەر و ڕێکخراو و نێوەندەکانی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەتان نییە، سەرباری ئەمە ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا دەبیندرێ زیادبوونی ڕێژەی حاڵەتەکانی خۆسووتاندن و خۆکوشتنی ئافرەتانە، پێت وانییە ئەو نێوەند و سەنتەرانە لە ڕووی ئەدا و چۆنایەتییەوە لاوازن؟**

- پرسیارێکی واقیعی و جوانە، بەڵێ وەك ئاماژەم پێدا پرسیاری زۆر هەیە لەمەڕ ئەدا و چالاکی ئەوان، بەڵام ڕەوشی ئەمنی و ناجێگیری بارودۆخی سیاسی لینیکیان هەیە، چونکە لە باروزروفی ناجێیگردا پانتایی کاری ڕێکخراوەکان پانتاییەکی تەسکە، هاوکات ڕوئیای تاك و ئیعتیقادی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگەش حزوری هەیە، کۆمەڵگە داخراوەکان قورس و زەحمەت پەنا دەبەنە بەر ڕێکخراوەکانی ژنان و زەحمەت هەزمی تەداخولی ئەوان لە کێشە تایبەتییەکانیان دەکەن.

**• سۆسیۆلیست و سایکۆلۆژی ناسان بەشێکی سەرەکی کەسایەتی مرۆڤ و، ڕوئیا و هزر و بینینەکانی بەو ژینگە جوگرافیە دەبەستنەوە کە مرۆڤ تیایدا دەژیەت، ئێوە چۆن لە کاریگەری نێوەندی جوگرافی (ئاستی خوێندەواری و پیشە و باری کۆمەڵایەتی و..تاد) دەڕوانن لە خەباتی ژنان لە دژایەتیکردنی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی جیاکاریدا؟**

- ژینگەیەکی لەباری کۆمەڵایەتی و پیشەیی و زانستی کاریگەری ڕوونی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ هەیە، بێگومان ئافرەتانی لادێکان جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ ئافرەتانی شار هەیە، ئافرەت چەند لەمە ناخێکی ڕۆشنبیری و زانستی و پشەیی تۆکمەدا پەروەردە بووبێ ئەوا لە داهاتوودا هێندە خودانی ئیرادە و خاوەن کەسایەتی و ڕۆشنبیر دەبێ، ئیرادە بەردی بناغەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییە، ئافرەتی ڕۆشنبیر و بە ئیرادە کەمتر دەکەوێتە بەر شاڵاوەکانی توندوتیژی ژێندەری، ئافرەتێکی خوێندەواری کارکەر کەسایەتییەکی جیاوازی لە ئافرەتێکی بێ بەرهەم هەیە، خوێندەواری و ئیرادە چانسی ژنان لە ژیاندا بەهێز دەکات، لە پاشکۆ و پەراوێزەوە دەبنە کەسایەتی ئەکتیڤ و خاوەن بیروڕای خۆیان.

**• ئەو ڕێگە و شوێنانە چین کە دەبێ لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ژێندەریدا پەیڕەو بکرێن؟**

- یەکەم هەنگاو هەبوونی نییەت و ئیرادەیە لە هەردوو ئاستی فەرمی و نافەرمیدا، دەبێ دەوڵەت بەرنامەی دیاریکراوی هەبێ لە ڕووی هۆشیاری و پەروەردەوە هەروەها بە پراکتیکیش لە ڕێگەی یاساوە هەنگاوی عەمەلی بهاوێژێ، لە ئاستی نافەرمیشدا ڕۆشنفکر و میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن هاریکاری دەوڵەت بکەن لە توانایاندایە کار لە ڕای گشتی خەڵك و لایەنی هۆشیاریان بکەن.

**پێویستە ڕەچاوی لایەنی سایکۆلۆژی قوربانیانی توندوتیژی بکرێ، بەهۆی پرۆگرامی زانستییەوە دووبارە کەسایەتیان بونیاد بنرێتەوە**

